# دەربارەی زانستی سەوداگەری

[ kurdish – کوردی – كردي ]


ئیمام ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی قودامەی

المقدسي

وەرگێڕانی: عەلی عەبدوڵڵا حەسەن

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ فصل فى علم المعاملة ﴾

« باللغة الكردية »

أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي

ترجمة: علي عبد الله حسن

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# دەربارەی زانستی سەوداگەری

زانستی کردەوە وسەوداگەری ـ علم المعاملة ـ کە زانستی دڵەکانە، وەك ترس وئومێد وڕازی بون وڕاستـ گۆی ودڵپاکی چەند شتێکی تریش، بەم زانستە زانایان پلەیان بەرز بووەتەوە وبەهێنانەدی ئەم زانستانە ناوبانگیان دەرکردوە، وەك سوفیانی سەوری وئەبو حەنیفە ومالیك وشافعی وئەحمەد ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ).

هەر بۆیە پلەی موسوڵمانان بەو زاناو تێگەیشتوانە داڕوخاو تێك چوو لەو شوێنانەدا لەبەر سەرقاڵیان بەڕوکەشی زانست وبێ ئەوەی جڵەوی خۆیان بگرن بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستیەکانی خۆی وکار بەنهێنیەکانی بکات.

تۆ دەبینی زانایەکی شارەزا لەبواری ـ الفقە ـ قسە لە ظهار ولیعان وپێشبڕکێ وتیر ئەندازی دەکات ولق وچڵی زۆری لێدەکاتەوە کە چەندین ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە وپێویستی بەهیچ شتێ

لەوانە نەماوە، کەچی لەبارەی دڵسۆزی بۆ خودا ـ الإخلاص ـ ووردتەی لێوە نایە، لە ڕیابازی ناترسێ کە فەرزی عەینە ـ العين ـ لەسەری، لەکاتێکدا ئەگەر پشت گوێی بخات دەبێتە هۆی لە ناوچون ونەمانی، ئەمەش لەکاتێکدایە خۆ خەريك كردن بەزانستەکانی فقەوە فەرزی کیفایەیە، خۆئەگەر پرسیاریشی لێبکرێت دەربارەی واز هێنان لەمشت ومڕکردن لەگەڵ نەفسا لەبارەی دڵپاکی وڕیا کردن هیچ وەڵامێکی پێ نییە، بەڵام ئەگەر پرسیاری هۆکاری سەرقاڵی دەربارەی ئەحکامەکانی لیعان و تیر ئەندازی لێ بکەی دەڵێ: ئەمانە فەرزی کیفایەن، ئەمانەی ڕاست وتوە ، بەڵام ئەوەی لەبیر چوە کە حیسابیش فەرزی کیفایەیە خۆزگە بەوەوە سەرقاڵ بوایە ، بەڵکو خۆی حەزی لەوەیە چونکە مەبەستی ئەو ڕیاکردن وخۆدەرخستنەیە کە بەکێبەرکێ ـ المناظرة ـ دەستی دەکەوێت نەبە زانستی حساب.

چاك بزانە كە تۆ دەستەواژەكانت گۆڕیوەو دەست كاریت كردوون ، ولەجێگایەكدا بەكاریان دەهێنیت كەزانایانی پێشینی ئەم ئومەتە مەبەستیان ئەوە نەبووە ، لەو ووشانەش كە لە مانا حەقیقیەكەی خۆی لادراون :

**ووشەی یەكەم :** ووشەی ـ الفقه ـ ئەوان دەست كاریان كردووە وتایبەتیان كردووە، تەنها بۆ چەند لقێك وهۆكاری ئەمەشیان باسكردووە،

لەگەڵ ئەوەدا ناوی فقه لەچەرخی یەكەمدا بۆ زانینی ڕێگەی دواڕۆژو شارەزابوون لەوردەكاری ونەخۆشیە دەروونیەكان و وپەی بردن بەو هۆكارانەی كە كردەوەكان بەتاڵ دەكەنەوە، وباش شارەزابوون لەبێ نرخی دونیاو زۆر ئاگاداربوون لەبەهرەكانی ڕۆژی دوایی و زاڵ بوونی ترس لەخوای گەورە بەسەر دڵەكاندا ، هەربۆیە حەسەنی بەسری وتویەتی: بێگومان زانا و فەقیە ئەو كەسەیە: كە بێ نیاز بێت لە خۆشیەكانی دونیا و زۆر تامەزۆر و ئارەزوومەندی

دواڕۆژ بێت وچاوڕۆشن وشارەزا بێت لەئاینەکەی وبەردەوام بوون لەسەر پەرستن و پەروەردە وخۆ پارێزی تەواو لەناموسی موسڵمانان وخاوێنی وبێ نیازی لەماڵ وسامانی خەڵکی وئامۆژگاریان، پێشینەکان دەستەواژەی فیقهیان زیاتر بەکار هێناوە بۆ شارەزا بوون لەزانستی ڕۆژی دوایی، زۆر خۆیان خەریك نەکردووە بەفەتواوە ، بەڵکو ئەوەیان بەشێوەیەکی گشتی باس کردوە، ئەو خۆ خەریك کردنە بەفەتواوە بەتایبەتی وخەڵەتاندنی بۆ برەودان بەزانستی ڕوکەشی فەتوا وخۆ لادان وپشت تێکردنی زانستی سەودا کردن بۆ ڕۆژی دواییە.

**ووشەی دووەم :** زانیاری _ العلم _ ئەو ووشەیە بەکارهێنراوە بۆ زانیاری دەربارەی خوداو نیشانە ودسەڵاتی خودا واتە: بەهرە وئاکارەکانی لە ناو بەندەکانیدا، کەچی ئەمان هاتن تایبەتیان کرد بەموناقەشە وموناظرە لە مەسائیلە فقیهیەکاندا، ئەگەر چی ئەم کەسە نەزان وجاهیلش بێت بە تەفسیر وفەرموودە .

**ووشەی سێیەم:** یەکخواپەرستی _ التوحيد _ ئەویش هێمایەك بوە بۆ ئەوە کە هەموو کاروبارەکان لە خودای مەزنەوە ببینی بە شێوەیەك کەپەیوەندی لەگەڵ هەموو هۆکار وناوەندگیرێك ببچڕێنیت جگە لەخودا نەبێت، ئەمەش بەپشت بەستن بەخودای گەورە و ڕازی بوون بەهەر شتێك لای ئەوەوە بێت بەرهەمدارتر دەکات، کەچی ئێستا وای لێهاتوە بە _ صناعة الكلام _ ناودەبرێت لە _ الأصول _ لەگەڵ ئەوەدا وەها کارێك بەشتە خراپەکانە _ المنكرات _ ناوزەد کراوە لای پێشینی ئومەتی ئیسلام .

**ووشەی چوارەم:** بیرخستنەوە ویادی خودا کردن، خودای مەزن ئەفەرموێت: _ (وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ) {الذاريات : ٥٥} تۆ هەر وەبیریان بخەوە چونکە بیرخستنەوە سوود دەگەیەنێت بەوانەی خاوەن باوەڕن ، پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:" إذا مررتم برياض الجنة فارتعوا " قالوا : وما رياض الجنة ؟ قال :" مجالس الذكر " واتە: کاتێك تێپەڕین بەلای

باخچەکانی بەهەشتا گەشت بکەن ووتیان: باخچەکانی بەهەشت کامەیە؟ فەرمووی: ئەو کۆڕ ومەجلیسانەیە کە یادی خودای تێدا دەکرێت. { فەرموودەیەکی حەسەنە/تیرموزی/بەفەرموودەی ژمارە _٣٤٣٢_ ئەحمەد / بەفەرموودەی ژمارە _ ١٢٠٦٥ ڕیوایەتیان کردووە} کەچی کارەساتەکە لەمەدایە هاتوون مانای بەرزەکانی ئەم فەرموودەیان گۆڕیوە بۆ بەسەرهات وئەوەی ئێستا چیرۆك خوێنەکان لە کۆڕەکانیان پێی هەڵدەستن لە قسەی بێ جێ وپڕ کارەسات، وە ئەو کەسانەی خۆیان سەرقاڵ کردبوو لە ئامۆژگاریەکانیدا بە بەسەرهاتی گەلانی کۆنەوە، با چاك بزانرێت کە زۆر لەو شتانە باسی دەکرێت لەوبارەیەوە جێی متمانە نییە، وەك هێناویانە کە یوسف ( سەلامی خوای لێ بێت ) بەنەخوێنەکەی کردۆتەوە (حل تکتە) وە یەعقوبی بینی ( سەلامی خوای لێبێ ) _ قەپی _ گازی _ کردبو بەهەردوو دەستیا ، وە داود ( سەلامی خوای لێ بێ ) _ ئوریا _ اوریا _ ئامادە کرد هەتا کوژرا .

ئەمانەو وێنەی ئەم قسانە بیستنیان زیان بەخشە، دیارە شەتەحات و کارەساتەکان لە وشتانەیە کە زۆر ئازاری نەخوێندەوارەکان دەدات، چونکە پێك دێت لە باسی خۆشویستن و بەیەك گەیشتن وئازارو ژانی لێك جیابونەوە، زۆرینەی ئامادە بووان نەزانن ناو دڵیان پڕە لە ئارەزوو و هەوەس بازی وخۆشەویستی وێنەکان هیچ کار لە دڵەکانیان ناکاو نایجوڵێنێت، جگە جگە ئەوەی کە لە دڵی خۆیاندا هەڵیان بژاردووە، ئاگری ئارەزوو هەوەسی تیادا دەگیرسێ و هاواردەکەن، ئەوانە هەموو خراپە کارین وە لەوانەشە ئەوشتەحاتانە بریتی بن لە قسەی سەر سوڕهێنەر دەربارەی خۆشەویستی خودای مەزن ، ئەوەش تاوانێکی زۆر گەورەیە، کە زۆرێك لە جوتیاران وازیان لە کارەکانیان هێناوە وهەڵساون بەوکارە سەر سوڕهێنەرانەی ئەوانە دەیان کرد.

**ووشەی پێنجەم:** کارزانی _ الحکمة _ کارزانیش : بریتیە : لە زانیاری وکارکردن بە وزانیاریە.

ئیبنو قوتەیبە دەفەرمووێ: هیچ کەسێ نابێتە بە حەکیم هەتا زانیاری وکردار بەیەکەوە گرێ نەدات، کەچی لەم سەردەمەدا ئەم ووشەیە مەبەست لە ووشەی (حەکیمە) بەکار دەهێنرێت بۆ پزیشك وئەستێرە ناسان.